خوێندنەوە و ناساندنی کتێب:

# تیشکێک بۆسەر کتێبی ڕەدووکەوتن

# لە کەلتووری کوردیدا

**خوێندنەوەی: سەردار فەتاح ئەمین**




**چاپی دووەمی کتێبی (ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا)**

ژمارە 24 ی چاپکراوەکانی ئینستیوتی کەلەپوری کورد، لێکۆڵینەوەیەکی بە پێزی بەڕێز کاک (بوار نورەدین)ە بە ناونیشانی (ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا)*، ئەم کتێبە ساڵی 2005 لە چاپخانەی شڤان لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تیراژی 1500 دانە چاپکراوە، کارە هونەرییەکانی ئەم کتێبە ئەم بەڕێزانە ئەنجامیان داوە: تایپکردنی بوار نورەدین: تابلۆی بەرگ ڕۆستەم ئاغالە، دیزاینی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە، مۆنتاژ: ئاسۆ مامزادە.

## ناساندن:

هەرچەندە ئەم کتێبە دوو ساڵە چاپ بووە، لەبەر گرنگی و پڕی ناوەڕۆکی و زیندوێتی بابەتەکان بە پێویستمان زانی بە خوێنەوارانی کوردی ئاشنا بکەین و کەمێک ناوەڕۆکەکەین بناسێنن بەو بەڕێزانەی ئەم کتێبەیان نەبینیوە.

وەک نوسەر خۆی ئاگاداری کردین، لەبەر پرفرۆشی لە ساڵی (2007)دا، بۆ جاری دووەم و بە هەندێ وردە دەسکارییەوە، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد دیسان لە سەر ئەرکی دەزگای ئاراس لە چاپخانەی (ئاراس) لە هەولێر بە تیراژی (1000) دانە چاپیکردۆتەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە شەش بەش پێکدێ، کە هەر بەشێک دەروازە و ئەنجامی تایبەتی هەیە، جگە لەوەی لە سەرەتادا مامۆستا شێرزاد حەسەن پێشەکییەکی بەناوی (ڕەدووکەوتن یان گەمەکردن لەگەڵ مەرگدا) نووسیوە، کە تێیدا دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێ: (بە لای منەوە توێژینەوەیەکی ورد و بێکەلێنە، بوار، خەونێکی دێرینی من و ئێوەی هێناوەتەدی... کەواتە: دەکرێ بێترس و دوودڵی ناو لەم کتێبە بنێین (کتێبی ڕەدووکەوتن). ئینجا توێژەر: شێوازی ئامادەکردنی توێژینەوەکە، بایەخی توێژینەوەکە و ڕێگرییەکانی بەردەم توێژینەوەکەی خستۆتەڕوو. دواتر بەشەکانی بەمشێوەیە ڕێکخستووە:




چاپی یەکەمی کتێبی (ڕەدووکەوتن لە کەلتووری کوردیدا)

**بەشی یەکەم:**

سەرەتایەک بۆ پێناسەی خێزان، باسکردنی دوو دیاردەی وەک: کۆتر فڕێنکی و گۆڕینەوەی ژن و کورتەیەک لەسەر کۆمەڵگای کوردی...، ئینجا هاتۆتەسەر ناساندن و باسکردن و توێژینەوەی ئەو فاکتەرانەی کە لەسەر کەلتوور و کۆمەڵگای کوردی کاریگەری نێگەتیفیان هەبووە، وەک: ئایین، دەوڵەت (دەسەڵات)، دەسەڵاتە دەرەکییەکان، دەسەڵاتە ناوەندییەکان و سروشتی کوردستان، کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە و توێژینەوەی تر، هەوڵیداوە کاریگەری ئەم هۆکارانە لەسەر ڕەوشی کۆمەڵگا و تاکی کورد (بەدرێژایی مێژوو) بدۆزێتەوە و نیشانیان بکات، هەروەها لە پاشبەندی هۆکارەکان و دووپاساوی (خوێندنەوەیەک بۆ کەلتووری کورد و فۆلکلۆری کوردی) بۆچوونەکانی پشت ڕاستتر کردۆتەوە.

**بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا، گەڕانێکی بەنێو کتێبخانەی کوردیدا کردووە و توانیویەتی ئەو قەڵەمانە بدۆزێتەوە کە دەربارەی (ڕەدووکەوتن) نووسینیان هەیە:

مەلا مەحمودی بایەزیدی، لووسی گارنێت، سەبری عەبدوڵڵا، ئیریک براوەر، شاکر فەتاح، باسیلی نیکیتین، ئەنوەر مائی، سدیق دەمەلوچی، هاشم عەقراوی، بورهان قانع، عەبدولستار تاهیر شەریف، مەولوود قادر بیخاڵی، عومەر ئیراهیم عەزیز، هەردەوێڵ کاکەیی، د. حوسێنی خەلیقی، محمەد ساڵح ئیبراهیمی(شەپۆل)، د. بەدرخان سندی و د. ئیبراهیم تاهیر مەعروف ڕەباتی.

نووسەر هاتووە بە دووروودرێژی، هەندێک لە بیروبۆچونەکانی ئەو نوسەرانەی دەربارەی ڕەدوو کەوتن شیکردۆتەوە، ئەوانیش هەریەکەیان لەچمکێک یان چەند چمکێکەوە بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕیووە، تیشکیان خستۆتەسەر مەسەلەکە بە گوێرەی هەندێک بیروبۆچونی کۆمەڵایەتی و ئاینی.
نوسەری کتێبی (ڕەدووکەوتن) لە ئەنجامی ئەم بەشەدا، چەند خاڵێکی گرنگی دەستنیشان کردووە و دەڵێ:
1- تا ئێستا بەپێی ئەو گەڕان و خوێندنەوانەی ئێمە کردوومانە بۆ ئەم دابە یەتی بۆ بەدواداچوونی نزیکەی 18 نوسەر قەڵەمیان لەم بابەتە تاوداوە.... هتد.
سەرنجی ئێمە لەسەر ئەم ئەنجامە، نوسەر نەیوتووە ئێمە نوسینی تەنها 18 نوسەر یان 18 نوسینمان لەم باریەوە بینیوە، دەڵێ نزیکەی....، هەندێکیان بە پێی ناو و قەوارەی کتێبەکانیان توانیویانە پێناسەیەکی کورتی بۆ بکەن، بەڵام هەندێکیان مافی تەواوی دابەکەیان دەرنەخستووە لە نوسینەکەیاندا.
دەبوایە نوسەر وەک بەشەکانی دیکە بە ووردی دەست نیشانی یەکە یەکەی ئەو نوسین و نوسەرانەی بکردایە.
2- یەکەمین کەس کە باسی ئەم دابەی کردووە، مەلا مەحمودی بایەزیدی بووە، کە پتر 150 ساڵ لەمەوبەر لە کتێبێکیدا (عادات و رسوماتنامەی اکرادیە) درکی بە زۆر لە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان کردووە، نوسەر لە مێژووی نووسینی کوردیدا بە گرنگترین باس و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەم (دابە) داناوە و دوای ئەویش پێی وایە نوسینەکەی شاکر فەتاح بە دووەم هەنگاو دابنرێت.
3- نوسەر لەم خاڵەدا وەرگرتنی هەندێ زانیاری و دیاریکردنی ناوچەکان، بەوە لە قەڵەم داوە لە هەر ناوچەیەک ئەو دیاردەیە هەبێت لەبەر ئەوەیە باسی کراوە.
4- نوسەر ئەو کورتەباسانەی وەک دەروازەیەکی دابونەریتەکە داناوە، بۆ چوونە ناو لێکۆڵینەوەکە تا خوێنەر بە هەندێ لە لایەنەکانی شارەزا و ئاگادار بێت.



بوار نورەدین

## بەشی سێیەم:

لەم بەشەدا نوسەر وەک پێویستیەکی مەیدانی توێژینەوە، سیانزە چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە، کە هەندێک لەو کەسانە نووسەر، هونەرمەند، مەلا، یان شارەزا و بە تەمەنن، خەڵکی ناوچە جیاوزەکانی

**کوردستان یان سەر بە ئاین و مەزهەبی جودان و هەوڵ دراوە چۆنێتی پرسیارەکان کەمێک جیاواز بێت، بە پێی ناوچە و ئایین و ئاستی ڕۆشنبیی و شوێنیان لە کۆمەڵگادا، هەندێک لەو بەڕێزانە بریتین لە:**

**سامی داوود، توێژەر، دانیشتووی حەسەکە کوردستانی ڕۆژئاوا، تەمەن 30 ساڵ * لەسەر ئایینی ئیسلام.**

**خدر ئیبراهیم بابەکر، هونەرمەند (حەیران بێژ) دانیشتووی سەردەشت (ڕۆژهەڵات) 75 ساڵ لەسەر ئایینی ئیسلام.**

**ساڵح حەیدۆ کوڕی حسێنی حاجی محەمەد: شاعیر دانیشتووی حەسیٚ ئوسو، عامووديٚ (ڕۆژئاوا) 50 ساڵ لەسەر ئایینی ئیسلام.**

**جەمیل محەمەد ئەنوەر شیلازی: نوسەر دانیشتووی دهۆک (باشوور) 35 ساڵ لەسەر ئایینی ئیسلام.**

**ئەستيٚ خدر: ژنی ماڵ، لە عەشرەتی مەنگوڕ(باشوور) 60 ساڵ، لەسەر ئایینی ئیسلام.**

**وەستا عەزیز: مەنگوڕ، دانیشتووی سەنگەسەر (باشوور 50 ساڵ)، بە خەیری شەنگالی سەر بە ئاینی یەزیدی– نوسەر و فۆلکلۆریست 39 ساڵ خەڵکی شەنگال، بکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن، کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکانی هێناوە.**

**لە ئەنجامی بەشی سێیەمی کتێبەکەی نوسەر چەند خاڵێکی وەک دەرئەنجام دەستەبەر کردووە، لەئەنجامی چاوپێکەوتنەکاندا:**

**1- لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، ئەم دابونەریتە لە کۆندا هەبووە، تا ئێستاش جۆرە بەردەوامییەکی هەیە.**

**2- بە پێی مێژوو و گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، وورده وورده ڕێژەی بوون و هۆکار و پێویستی و ئاکامەکانی، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.**

**3- لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە پەیڕەوکردنی دابونەریتەکان لە کوردستاندا چەند جیاوازیەک بەدی دەکريٚ.**

**4- لەم بەشەدا نوسەر جگە لە ڕەدووکەوتن، تیشکی خستۆتەسەر کۆمەڵێک دابونەریتی دیکە کە پێشتر لە سەرچاوەکاندا باسیان لیوە نەکراوە وەک: حەیراندن، کریڤایەتی، کەرتکا، دەرگووشيٚ، سمتانە و چەکە خاڵانە و تاد...**

**5- بە شێوەیەکی گشتی لە ناو هەموو ئەو خەڵکە جیاوازانەی سەر بە ئایینە جیاوازەکانی کوردستان وەک (ئیسلام، ئێزدی، عەلەوی، کاکەیی) ئەم دابە پەیڕەوکراوە، بەڵام هەر بە پێی ئایینەکان جیاوازی تێکەوتووە.**

## بەشی چوارەم: ڕەنگدانەوەی ڕەدووکەوتن لە فۆلکلۆری کوردیدا:

**نوسەر لەم بەشەدا ئاوڕی لە تێکستە فۆلکلۆریە کوردیەکان داوەتەوە، بۆ دۆزینەوە و خوێندنەوەی دابونەریتی ڕەدووکەوتن، چونکە نوسەر پێوایە بەشێکی زۆری فۆلکلۆر پاشماوەی هەست و نەست و هەموو بارودۆخەکانی ژیان و گوزەرانی زۆربەی چین و توێژەکانی میللەت پێکهاتووە.**

**نوسەر نموونەی دەقی لە گۆرانی (حەیران و حەیرانۆک، بەیت و لاوک، چیرۆک و پەند و ئیدیۆم) هێناوەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک سەرچاوەی وەک (پەندی کوردی) عومەر شێخەڵا دەشتەکی، (دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا) بوار نورەدین، (قەدەغەشکێنی سەردەم) مەولود ئیبراهیم حەسەن ، جەمیل جەلیل، گۆرانی میللی کوردی ناوچەی ئێریڤان، گۆڕینی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، (فۆلکۆری هۆنراوەی کوردەواری) محەمەد کەریم شەریف، (فۆلکلۆری کوردی) سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی و چەندین سەرچاوەی دیکە و هەندێکی لە چاوپێکەوتنەکاندا تۆمار کراون.**

لە ئەنجامی ئەم بەشەدا نوسەر گەیشتووە بەو ئاکامەی بە شێوەیەکی گشتی لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، ئەم دابە پانتاییەکی فراوانی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، ئەستونێکی بەهێز بووە بۆ دەوڵەمەند بوونی فۆلکلۆری کوردی.

## بەشی پێنجەم... یان دەروازەی پێنجەم:

ڕۆشنایی خستۆتە سەر هەر چوار بەشەکەی پێشوو تر و پشتی بە گەلێک زانیاری گشتی دیکە بەستووە، کە پێشتر قسەی لەسەر کراوە، جگە لەوەی لە بەشی سێهەمدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازکراوە، لەگەڵ کۆمەڵێک نوسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی و خەڵکی ناوچەکاندا پرس و ڕایان پێکراوە و تەوەرەی باسەکەیان لەگەڵ تاوتوێ کراوە.

هەروەها نوسەر لە چەند تەوریکدا تیشکی خستۆتە سەر توێژینەوەکەی، وەک هۆکارەکانی ڕەدووکەوتنی بۆ ئەم خاڵانە گێڕاوەتەوە: وەک پێکەوە گرێدانی نێر و مێ لە کۆمەڵگای کوردیدا، دابونەریت، هەندێ سەربەستی کلتووری، ئابووری، ئایین، جوانی، هەڵنەکردن و ئاستی ڕۆشنبیری.

نوسەر ئەم هوکارانەی لە هەشت خاڵدا یەکانگیر کردووە و ڕوونیکردونەتەوە.

لەم بەشەدا بابەتەکە شیکراوەتەوە و بەسەر پێنج تەوەردا دابەشکراوە، ئەویش هۆکارەکان، پێویستیەکان، ئاکامەکان، جۆرەکان، ئەویش بە گوێرەی وەرزی ڕەدووکەوتن و ناوچەکان دیاری کردووە و تەوەری پێنجەمیشی بە ڕاکێشان لە قەڵەم داوە ئەویش پێنج هۆکاری بۆ دەستنیشان کردووە، وەک جوانی، هێز و دەسەڵات، خۆشەویستی یەکلایی، مارەبڕکردنی مێینە و فێڵ و شەرم و هەڵخەڵەتاندن.

وەک شیکردنەوەی زمانەوانی ڕەدوکەوتن (هەڵگرتن- بە شوێنکەوتن- ڕەڤان، ڕەڤاندن) بە گوێرەی لێکدانەوەی زمانەوانی ناوچە جیاوەزەکانی کوردستان گۆکراوە ، نوسەر توێکاری بۆ ئەم ووشەیە کردووە و ووشەی ڕەدووکەوتنی شیکردۆتەوە:

نوسەر لە کۆتایی ئەم بەشەدا گەیشتووە بە هەشت ئەنجام وەک:

1- ڕدووکەوتن، کاردانەوەیەک بووە لە لایەن بکەری مێینەوەکراوە یان دەکرێت، لە ئەنجامی هۆکارەکانی بەیەکنەگەیشتنی نێر ومێ.

2- هەڵگرتن، کاردانەوەیەکە لە لایەن بکەری نێرینەوە کراوە یان دەکرێت لە ئەنجامی هۆکارەکانی بەیەکنەگەیشتنی نێرومێ، کە مەرج نییە ئەو کەسە ژنی هەبێت یان نەبێت.

3- کۆمەڵێک ڕێگر و بەربەست قوتبۆتەوە، لە پێش و دوای چاو هەڵهێنانی نێرومێ بە بێ خواست و ئاگاداری خۆیان، وەک کلتوری داسەپاو و هوکاری ئابوری و ئاینی و ئاستی ڕۆشنبیری و جوانی و هەڵنەکردن.

4- پێویستی هەندێ لە مەرجەکانی خۆشەویستی و قوربانی دان.

5- ئەنجامدانی ئەم کارە چەند ئاکامێکی لە (کوشتن و هەڵاتن و مەسلەحەت و تۆڵە و کێشەی کۆمەڵایەتی و تاد) لێکەوتەوتۆتەوە.

6- لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەم دابە پەیڕەو کراوە و دەکرێ.

7- ڕدووکەوتن و هەڵگرتن پاساوی مێژوویی مێینە و نێرینە بووە بەرانبەر زۆرینەی ئەو کێشانەی ڕێگر بوون، لەبەردەم ژیان و هەموو سەروەریەکانیاندا.

8- جۆرێکی دیکە هەیە، کە پێی دەوترێت (ڕاکێشان) و جیاوازە لە ڕەدوو کەوتن، بەڵکو بە پێچەوانەوە مێینە بە نابەدڵی و بە زۆرە ملێی هەڵگیراوە.

لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا نوسەر بیبلیۆگرافیایەکی ساز کردووە بۆ 46 کتێب، کە دەستی ئەو کەوتوون و بە زاراوەی کرمانجی سەروو خوار و هەندێکیان بە عەرەبی نوسراون، دەکرێ وەک سەرچاوەیەکەی فۆلکلۆری بە تایبەتی بۆ ئەو داستانە فۆلکلۆرییانەی، کە بە تەزووی (ڕەدوکەوتن) ڕژاونەتە ناو فۆلکلۆری کوردی بژمێردرێن.
بێگومان نوسەر ئاماژەی بەوە داوە، کە پاساوێکی مێژوویی و ئەدەبی گرنگن بۆ بوون و ڕوودانی ئەم دابە لە کەلتووری کوردیدا، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، ئەمەش سەلماندنە بۆ بوونی (ڕەدووکەوتن) لەو ناوچانەی ئەم تێکستە فۆلکلۆریانەیان تێدا کۆکراوەتەوە.
لە کۆتایی دەرەنجامی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، نوسەر ئاماژەی بە شەش خاڵ کردووە:
1- ڕەدووکەوتن و هەڵگرتن، مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە ناو کەلتووری کوردیدا و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا باو بووە، تا ئێستاش لە زۆر ناوچەدا پێڕەو دەکرێت، کە تاکی کورد وەک یەکێک لە دابە خێڵەکییەکان پاراستوویەتی.
2- تا ئێستا هیچ کتێبێکی تایبەت لە سەر ئەم بابەتە نەنوسراوە، هەروەک پێویستییەکی ئەدەبی و فۆلکلۆری و کەلتووری کاری لەسەر نەکراوە.
3- ڕەدووکەوتن کاریگەرییەکی تەواوی هەبووە لەسەر خێزانی کورد و هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ داڕشتنی تێکستە فۆلکلۆرییەکان و کۆڵەکەیەکی ئەستووری فۆلکلۆری کوردی بووە.
4- نازناوی (ڕەدووکەوتن) بۆ مێینە و (هەڵگرتن) بۆ نێرینە بەکارهاتووە و بە زۆر شێوە ئەنجام دراوە.
5- جۆرە دابێکی دیکە هەبووە بە ناوی(ڕاکێشان)، لەگەڵ (هەڵگرتن)دا جیاوازیەکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە.
6- لە ناو زۆربەی ئەو ئایین و ئایینزایانەی، کە کورد پێڕەویان دەکات یان کردویەتی، وەک (زەردەشتی، جوولەکە، ئیسلام، ئێزیدی، عەلەوی و کاکەیی) دا پێڕەوکراوە.

دەتوانین بڵێین نووسەر توێژینەوەیەکی مەیدانی گرنگ و بە پێزی لەم بوارەدا بە زمانی کوردی خستۆتە ناو کتێبخانەی کوردیەوە، پشتی بە 76 سەرچاوە بەستووە، وەک ئەزموونی خوێندنەوەی خۆم تا ئێستا هاو شێوە یان لەم ئاستەدا بەرزەدا بەزمانی کوردی، توێژینەوەی وا هەمە لایەنەم لەم بوارەدا نەبینیوە.
من لەم نوسینەمدا تەنها خوێندنەوەیەکم بۆ کتێبەکەی کاک بوار نورەدین کردووە، بۆ ئەو خوێنەرانەی ئەم کتێبەیان بەردەست نەکەوتووە، تا کەمێک شارەزای ناوەڕۆکی ئەم نوسینە بن و دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە نوسەر دەکەم، هیوادارم هەمیشە ئاوا بەرهەمی جوان و بەپێز پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات.
جێی ئاماژە پێدانە تاکو ئێستا چەند نوسەرێک لە کوردستان، لە چەند ڕۆژنامەیەکدا دەربارەی ئەم کتێبەیان نوسیووە و هیچیان خاڵێکی نێگەتیفیان دەربارەی توێژینەوەکە نەخستۆتەڕوو، تەنانەت لە ڕۆژنامەی (theguardian)ی بەریتانی ڕۆژی (2007/2/14) لە لاپەڕە (9)دا، پەیامنێریان لە باشوور بەبۆنەی ڕۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) و چۆنیەتی بوونی ئەم چەمکە لە کوردستاندا، دەربارەی ئەم کتێبەی نووسیوە و چەند پەیڤێکی نووسەرەکەشی بڵاوکردۆتەوە.

## نوسەر لە چەند دێڕێکدا:

* لە ساڵی (1962) لە شاری قەڵادزێ لە دایکبووە.
* ساڵی (1999) کتێبی (هاواری دڵ)ی بڵاوکردۆتەوە و دواتریش لەساڵی (2007)دا، بۆ جاری پێنجەم بە شێوەیەکی فراوانتر، چاپی کردۆتەوە.
* ساڵی (2004) کتێبی (دەنگی مێینە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا)ی بڵاوکردۆتەوە، کە بە بۆنەی رۆژی جیهانی کتێب خەڵاتی باشترین کتێبی وەزارەتی رۆشنبیری ئەو ساڵەی لە بواری هونەریدا وەرگرت.

* له کۆتایی ساڵی (2004)دا کتێبی (بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی 1860– 2004)، تەواو کردووە و د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پێشەکی بۆ نووسیوە و پێداچۆتەوە، لەلایەن ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە دوای بیبلیۆگرافیاکانی خوالێخۆشبوو: مستەفا نەریمان، بە یەکێک لە بیبلیۆگراقیا هەر بایەخدارەکان لەسەر کتێبی کوردی دادەنرێ.
* له کۆتایی ساڵی (2006)دا لەیادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی حەفید، بە لێکۆڵینەوەیەک بەناوی (شێخ مەحموودی حەفید لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا) بەشداری کردووە و مەدالیای ئاڵتونی پێ وەرگرت.
* (میر عەبدال خانی بدلیس: 1605– 1701، بلیمەتێکی فەرامۆشکراو لە مێژووی کورددا) لێکۆڵینەوەیەکی تری (بوار نورەدین)ە و ئەمساڵ لە دووتوێی کتێبێکی (232) لاپەڕەیی قەوارە بچووکدا لە لایەن مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی. ن. ک) بڵاوکرایەوە.
* جاروبار لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بڵاودەکاتەوە.

---

* شایانی باسە هەر چەندە ئێمە ئەم چاپەمان نەبینیوە، ئەم کتێبە ساڵی 2007 بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە، ئێستا تەنها چاپی یەکەمی ئەم کتێبەمان لەبەردەستدایە و خوێندنەوەکەمان بۆ چاپی یەکەم ئەنجام دراوە.